# نەوتی خۆمان بۆ خۆمان

هیدایەت مەلا عەلی

حسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراقی لە لێدوانێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی { الصباح } دا , کە لە ڕۆژی 24 / 9 / 2006 بڵاوکراوەتەوە دەڵێت : وەزارەتەکەی پابەند نییە بەو بۆندانەی لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردوستانەوە مۆرکراون , هەروەها وەزارەتی نەوتی بەغدا بەو بۆندانەدا دەچێتەوە . نێچیرەڤان بەرزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردوستان بۆ وەڵامی لێدوانەکەی شەهرستانی دەڵێت : ئەگەر وەزارەتەکانی بەغدا بەدەستوور پابەندنەبن گەلی کوردوستانیش مافی ئەوەی هەیە بەهەڵبژاردنی خۆیدا بچێتەوە .

هەر لەسەر هەمان بابەت لە لایەن چەندین بەرپرس و ئەندام پەرلەمان و کاربەدەستی حکوومی و حیزبی لە کوردوستان و عێراق لێدوانی جیاواز بڵاوکراوەتەوە ,دکتۆر خالید سالح گوتەبێژی ڕەسمی حکوومەتی کوردوستان , دکتۆر فوئاد حسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی , حسێن فەلوجی ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی بەرەی تەوافق
لێدوانی شەهرستانی , فەلوجی , نێچیرەڤان بارزانی , فوئاد حسێن , خالید سالح , لەسەر مەسەلەی دەرهێنانی نەوت لە کوردوستان هیچ نییە بێجگە کێشمەکێشێك کە لە نێوان ئەحزابی قەومی و دینیدا هەیە , بۆ بردنی بەش و سەرمایەگوزاری زیاتر و کۆنترۆڵ کردنی سەرچاوەی سروشتی و داهاتی کۆمەڵایەتی خەڵك لە عێراق و کوردوستان . لە ئەنجامی لێدانی ژمارەیەك بیری نەوت لە " تەق تەق , زاخۆ , کۆیە " و چەند ناوچەیتری کوردوستان لەلایەن ژمارەیەك کۆمپانیای وولاتانی وەك { تورکیا , کەنەدا , نەرویج } شەهرستانی ئاگاداری دەدات و نێچیرەڤان بارزانیش پەنجە ڕادەوشێنێت,لێدوانی شەهرستانی سەرچاوەکەی کۆنە پەرستی و شۆڤێنێتە , شەهرستانی داهاتی مەرکەزی و کۆنترۆڵی نەوت و سامانی عێراقی , بۆ سەرکووت و پێکهێنانی دامودەزگایەکە کەبتوانێت دەسەڵاتیان بۆ بپارێزێت و بانکەکانیان بۆ پڕتر بکات , خەمی شەهرستانی بۆ نەوت و مەرکەزی کردنەوەی سەرپەرشتی کردنی داهاتی نەوت هیچی لە خەمەکانی سەدام کەمتر نییە بۆ خەڵکی عێراق و کوردوستان .

بەڵام ئەوەی ڕاستیش بێت دڵگەرمی و پەنجە ڕاوەشاندنی سەرۆکی حکوومەت و بەرپرسەکانی کوردوستانیش هەرواو هەر لە خۆوە نییە , هەر ئەم حسەینانەبوون لە دوای کۆنگرەکانی { لەندەن , سەلاحەدین , ناسریە } سەرانی ئەحزابی دەسەڵاتدار لە کوردوستان وەك پەپوولەو فریاد ڕەسی خەڵکی عێراق بەگشتی و خەڵکی کوردوستان بە تایبەتی پێناسەیان دەکردن و فەزڵیان دەبەخشیەوە . دەسەڵاتدارانی کوردوستان زیاتر لە" 4 "ساڵە خەریکی سازاندن و چاو پۆشی کردنن لە مافەکانی خەڵکی کوردوستان , لە بەرانبەر ئەحزاب و دەستەوتاقمی قەومی و مەزهەبی بۆ ڕێکخستنەوەو دابەش کردنی دەسەڵات لە عێراقی دوای ڕووخانی بەعسدا , دەسەڵاتدارانی کوردوستان هیچ کاتێك بۆیان گرنگ نەبووە کە یەکپارچەی خاکی عێراق , کردنی ئیسلام بەدینی ڕەسمی وولات ,کارکردنەوە بە سزای سێدارە , بە پلەدوو بوونەوەی خەڵکی کوردوستان , دیار نەبوونی چارەنووسی خەڵك , تێکەڵ کردنەوەی خەڵکی کوردوستان بە فەوزاو کوشتارگایەك کە لە بەشەکانی تری عێراقدا هەیە چەندە بەدژی خواست و ئارەزو ئاواتەکانی خەڵکی کوردوستانەوەیە , ئەوەی بۆ دەسەڵاتداران گرنگ بووە لەم پرۆسەیەدا دەسکەووت و کورسیەکانی دەسەڵاتیان بووە . دەسەڵاتدارانی کوردوستان کاتێك چەنجەیان ڕاوەشاندووە لە هاوپەیمانە قەومی و ئیسلامیەکانی شەریکیان لە دەسەڵاتداریەتی عێراقدا , کە حەق و بەرژەوەندی مادی و سیاسی خۆیان کەوتبێتە مەترسیەوە , نەك ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردوستان , دەسەڵاتدارانی کوردوستان بۆ داخستنی بارەگاو دەستگیرکردنی کەسانی سیاسی بە فەرمانی مالیکی زۆر مەرکەزین و بۆ لێدانی بیری نەوت و کۆکردنەوەی سەرمایەی بێشوماری باخەڵیان زۆر لامەرکەزین , هاوکێشەیەکی پێچەوانەیەو هیچ پەیوەندیەکی بە خەڵکی کوردوستانەوە نییە .

هاوارێك کە دەسەڵاتداران دەیکەن لە کوردوستان بۆ شەرعی بوون , یان نەبونیان بۆ دەرهێنانی نەوت , ئەو شیعارەم بیردەهێنێتەوە کە لە ساڵانی حەفتاکان و دوای خۆماڵی کردنی نەوت , ڕاگەیاندنەکانی دەسەڵاتی بەعسی پڕ کردبوو " نەوتی خۆمان بۆ خۆمان " ئەم شیعارە واپیشانی خەڵکی عێراق و کوردوستان دەدرا کە ئیتر هەموو ماڵێك بەلوعەی نەوت و بۆری غازی بۆ دەڕواتە ماڵەوە , پاشان تەواوی دەسکەوت و داهاتی نەوت دەکرێت بە خزمەتگوزاری بۆ خەڵك , بەڵام ئەمانە هەمووی پێچەوانە دەرچوون , نەوت بۆ خەڵکی عێراق و کوردوستان بوویە ئەو سەرچاوەی داهاتەکەی هەمووی کرا بەشەڕ و کوشتارگاو سەرکووتی خەڵك .

ئێستاش دەسەڵاتدارانی کوردوستان دەیانەوێت هەمان ئەزمون دووبارە بکەنەوە , بەناوی نەوتەکەی سنوری دەسەڵاتی خۆمان و حکوومەتەکی خۆمان و نەوتی خۆمان بۆ خۆمان , ئەم دەسەڵاتدارانە لە کاتێکدا شەڕی نەوت و کردنەوەی دەرگایەکیتر بۆ سەرمایەگوزاری دەدۆزنەوە ,خەریکن ئەم کارە وەك شتێك کە پەیوەندی بەچارەنووس و باشتربوونی ژیانی خەڵکەوە هەبێت نمایش دەدەن , لە کاتێکدا پرسیارێك زۆر سادەیە کە لەم دەسەڵاتدارانەی ئێستای کوردوستان بکرێت , ئەویش ئەوەیە ئایا دەسەڵاتەکەتان کە زیاتر لە "15"ساڵە داهات و پارەو پولی ئەو کۆمەڵگایەتان

لەبەردەستایە چیتان کردووە بۆ خەڵکی کوردوستان تاکو ئێستا بە بیرە نەوتەکانتانەوە بیکەن ؟ دوای زیاتر لە "15"ساڵ دەسەڵاتان تازە خوێندکارانی کوردوستان ڤیرتاسیەیان نییەو , کتێبیان بە وێنەی سەدامەوە بەسەردا دابەش دەکەن , دەسەڵاتداران خەریکن شەڕی ڕێگرتن لە دەرهێنانی نەوت بە خەڵکی کوردوستان دەکەن و , بۆ خۆشیان باخەڵیان هەڵدوریوە بۆ قازانجی دەرهێنانەکەی , نابێت خەڵکی کوردوستان هیچ تەوەقوعێکیان هەبێت لە باشتربوونی ژیانیان لە سایەی بیری نەوت و دەسەلاتی گەندەڵدا , کێشەکە نەوت و کانزاو سەچاوە سروشتیەکان نییە , کێشە ئەو دەسەڵاتەیە کە هەموو ئەم بەرووبوم و سەرچاوانە کۆنترۆڵ دەکات , ژیان بۆ خۆی دەڕازێنێتەوەو بۆ خەڵکیشی دەکات بە دۆزەخ .